هاکان فیدان: خواستمان دەستایەتیی یەکەتییە لەگەڵ تورکیا

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن تورک رایگەیاند، "دەستایەتیی و پێیوەندییەکانی سەرکردایەتیی یەکەتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئێمە زیاترە لەوەی کێشە بێت، ئیتر بووە بە مەترسیی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیمان."

لەبارەی هەڵمەتانی هێنگاوی توند و زیاتر دژی سلێمانیش فیدان گوتی: "کاتێک تۆ بەردەوام بیت لە پەدانی پشتیوانیی بە دوژمنەکەم، چاوەڕێی چیم لێدەکەیت؟ لێم با بێتدا رووونین، ئەرکی من رێگریکردنە لەوەی ئێم دوژمنە سود لە تۆ (یەکێتی) ببینێت. من ئێم ئەرکە جێبەجێدەکەم، لە کاتی جێبەجێکردنی ئێم ئەرکەشدا فەڕت لێناکەم و تەڕت و داوت بە نانمەوە، بەکو رووبەڕوو پێتدەڵێم کە واز لێمە بهێنە (پشتیوانیی بە پەکەکە)، چونکە ئێمە نە لە بەرژەوەندی تدایە و نە لە بەرژەوەندی کەسی دیکەشدایە. خەکی سلێمانی خەکەکن دەستی تورکیان، خەکەک نین کاریان لەگەڵ پەکەکدا هەبێت."

فیدان باسی لەوەشکرد، تورکیا لەپێناو دروستکردنی سەقامگیریی، سوورە لەسەر بەکارهێنانی هەموو

ئامرازە سیاسییە دەرکییەکانی بەشێوەیەکی هەماهەنگکارانە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە یەکێتی کرد واز لە پێوەندی لەگەڵ پەکەکە بهێنێت و گوتی: "خواستی ئێمە ئێوەیە هاوەڵیانمان لە سلێمانی لە هەڵەکردن بگەڕێنێوە، لەکاتێکدا ڕێگاکە نزیکە. خواستمان دەستایێتییانە لەگەڵ تورکیا، وەک دەستایێتیی رابردوومان، خواستمان ئێوەیە لەگەڵ ئێمە هەنگاو بەرەو داهاتووی هاوبەش بنێن."

هاکان فیدان باسی لە "ئێپراسیۆنی چاوەڕوانکراو" لە هەرەمی کوردستان کرد و ئاماژەی بۆکرد، "دەمەوێت جەخت لە بابەتێک بکەمەوە؛ بەشێوەیەکی گشتیی باس لە ئێگری ئینجامدانی ئێپراسیۆن دەکرێت، ئێپراسیۆنکانی ئێمە بەبێ پچڕان بەردەوامییان هەیە و وەزارەتی بەرگریییمان لە جێبەجێکردنی ئێپراسیۆنی بەردەوامدایە. "

لە وەڵامی بژێری کەناڵی سی ئێن ئێن تورک کە گوتی: مانشێتی ئاوا گەورە دەنووسرێت "ئێپراسیۆنی گەورەی نوێ لە عێراق"، لە راستیدا شتی وا نییە. فیدان گوتی، "نا، بێگومان بێگومان، ئێمە کاری داخستنی ناوچەکەیە بەووی پەکەکەدا، ئێمە جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئێو ڕێنمایی و فەرمانانەی سەرکەکەمارمانە کە زێر پشتر ڕێنمایی و فەرمانی لەسەر داوە و پەسەندیکردووە. کە ناوچەکە بەووی پەکەکەدا دادەخرێت، واتە لەناوبردنی کادرە باڵاکان لە شار و گوندەکان لەلایەن دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت)ەوە، واتە ئێمە دوو پلانی تەریبە لەگەڵ یەک، لەووی ئەمنییەوە ئێمە بەردەوامدبێت و هیچ پاشکشەیەک لەم ستراتیژە ناکرێت، تاوەکو ئێو کاتەی مەترسی تیرەر لەناودەبرێت، لەگەڵ ئێم ڕێگایانەش ڕێگای دیپلۆماسی و ڕێگای دیکەش بەکاردەهێنین. "

فیدان لەبارەی ئێگری گفتوگۆی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا بە رووبەڕووبوونەوەی پەکەکە گوتی، "ئەمریکا هیچ شتێکی پێوەندیداری بە ئێپراسیۆنکانی ئێمەوە لە دژی تیرەر لە عێراق نییە، ئێمە بابەتێک نییە ئێمە لەگەڵ ئەمریکا باسی بکەین، ئێمە بابەتکە پێوەندی بە ئاسایشی نیشتمانیی خەمانەوە هەیە. "

فیدان باسی لە "داهاتووی هاوبەش"ی ناوچەکە کرد و رایگەیاند، "هەولێر، سلێمانی، بەغداد، کەرکوک و موسڵ پێکەوە داهاتوویان بونیاد دەنێن و لەو شوێنانە جێگای تیرەر نابێتەوە و کاتی ئێوەیە بیانخەینە دەرەوەی سیتسمی خەمانەوە. ئێم گرووپانە کاتیان بەسەر چووە. ئێو شارانەی باسم کردن، شاری کولتوریی مەژووین و پشتریش توانیویانە بەسەر مەترسییەکاندا زاڵبن و پشت بەخواد لەمودواش دەتوان زاڵبن. "